# به بیانووی فیستیڤاڵی پرتەقاڵیەوە

**شەماڵ علی**

shemalali@yahoo.com

دوێنێ لە زانکۆی سلێمانی هەزاران خوێندکار ڤیستیڤاڵی پرتەقاڵییان دەست پێکرد. وا دیارە فیستیڤاڵی پرتەقاڵی بەرکوڵی شۆڕشی پرتەقاڵیە، یان لانی کەم هەندێک ناوەند پێیان وایە دەبێ وا بێت. خوێندکاران خواستی ریفۆرم و کۆتایی هێنان بە گەندەڵیو هێنانە کایەی سیستەمێکی حوکمڕانی دەستوریو دیموکراسییان بەرزکردۆتەوە. کەسێک هەفتەیەک لە کوردستان بووبێت دەزانێت ئەم خواستانە شۆڕشی پێویستە، بەڵام بە ڕاستی پرتەقاڵی؟؟

هەر کەس پێی وایە گۆڕانکاری دەبێ حەتمەن لە ڕێگای جووڵانەوەیەکی توند و تیژ و ڕوخێنەر ئەنجام بدرێت بە هەڵەدا چووە. شۆڕشگێڕان، جا هەر ڕەنگیکیان هەبێت عاشقی شۆڕشی خوێناوی نین. بە یەکسان گرتنی شۆڕش لەگەڵ دیمەنی تایەی سووتاوو دوکانو بازاڕی خاپورو ساختمانی ڕەشهەڵگەڕاوو لاشەی مێردمناڵی بریندارو خوێناوی کە بە سەر دەستی هاوەڵانیەوە لە مەیدانی بەرانبەرکێ دوور دەخرێتەوە، یان حەشاماتیکی چەکدار کە پەلاماری سیمبولەکانی دەسەڵات دەدەنو دەسووتێننو دەڕوخێننو ژێر پێ دەنێن، زادەی عەقلیەتێکە کە شیفتەی دیوی ناچاریی یان تەنانەت نەخوازراو، سیناریۆو توێکڵی شۆڕشو گۆڕانە. بەڵام بە ڕاستی کێ دەڵی هێشتا جەدەلی ڕاستەقینە لە کوردستان لەسەر ڕەنگی شۆڕشە؟

شۆڕش لە کوردستان هەر ڕەنگێکی ببێ ئاڵوگۆڕ لە کوردستانماناو ڕەوتێکی تایبەتی هەیە. چەندە لە کوردستانی ئەمڕۆدا شۆڕشی سوور دوور دێتە بەرچاوی هەندێک بەو ئەندازەیەش شۆڕشی پرتەقاڵی بێ ڕەنگو بۆن دەنوێنێت. ڕاستە لە کوردستان نە کۆشکی زستانە هەیە بیگرێتو نە زیندانی باستیل هەیە بیڕوخێنیت. بەڵام لەوەش ئاشکراتر ئەوەیە کە مەیدانی سەربەخۆییش* نییە بە ئاڵا پرتەقاڵیەکانەوە داگیری بکەیت. ئەگەر کوردستان ڕووسیای قەیسەری نییە کێ دەتوانێ بڵێ ئۆکرانیای 2004 ە؟ کامەیە ئەو دەسەڵاتو دەوڵەتەی دواجار دەکرێت بە هەڵبژاردن دیاری بکەیت یان بیگۆڕیت؟ دیارە کە کێشەی شۆڕش لە کوردستان ڕەنگەکەی نییە بەڵکو دیاری کردنی مانا و ڕەوتێتی.

شۆڕش لە کوردستان نە ڕووخاندنی دەوڵەتەو نە گۆڕینی حکومەت، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی بە داخەوە ئەوانە بوونیان نییە. دەسەڵات لە کوردستان بوونی هەیە. بەڵام لە نیوان ئەم دەسەڵاتەو دەوڵەتێکو نەزمێکدا کە بە ناچار بۆ وەدیهێنانی هەر ئاڵوگۆڕیک دەبێت سەرەتا تیکوپێکی دەیت بۆشاییو کەندەڵانیکی گەورە هەیە. دەسەڵاتیک کە هەیە دەبێ وەلا بنرێت، پارتیو یەکێتی دەبێت لەکارو دەسەڵات بخرێن، بەڵام ئەمە نەک سەرەتای شۆڕشو گۆڕان بەڵکو بەرهەمێکو ئەڵقەیەکیەتی، شۆڕشی نوێ لە کوردستان نە بە وەلانانی دەسەڵاتی حازری دەست پێ دەکاتو نە مەرجە بەوەش کۆتایی بێت.

کوردستان لەبەردەم پرسی بوونە کۆمەڵگادایە. کۆمەڵگا <u>**لەم سەردەمەدا**</u> لە دەرەوەی دەوڵەت بوونی نییەو دەوڵەتیش بێ سۆڤرەنتی (سیادە یان سەروەری) ناتوانێت ببێت. ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە لە کوردستان، بەم مانایە، لە جێگای ڕووخانی دەوڵەت بە دامەزراندنی دەوڵەت دەست پێ دەکات. دەسەڵاتی ئێستای یەکێتیو پارتی دەبێت وەلا بنرێت. بەڵام نەک بۆ ئەوەی حیزبێک یان دووانی تر هەمان دامودەزگاو شیوازی حوکمڕانی درێژە بدەن. بەڵکو بۆ ئەوەی لە جێگای ئەم شیوازە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەوڵەت بە مانای دروستی ووشەکە پێک بێت.

دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی چینی سەرمایەداری کوردستانە، دەسەڵاتیکی بورژوا–عەشیرەتیو مافیاییە. دەسەڵاتێکی میلیشیایی باندێک سەرمایەدارە کە هیچ سنووریک بۆ چاوچنۆکیو جەردەییان وجوودی نییە. دەسەڵاتی ئەو دەیان ملیاردیرو سەدان ملیۆنێرەیە کە جەلال تاڵەبانی بە شانازیەوە بۆ خانمی میتیرانی

باس کردووه. ئەم دەسەڵاتە گەورەترین قازانجی لەوە بردووە کە هەلومەرجی کوردستان بەو جۆرەی ئێستا هەڵواسراوو سەرگەردانە. دەسەڵاتی میلیشیاییو مانەوەی هەڵومەرجی کوردستان لەم بارە نائاساییەی بە قازانجی ئەوانە. ڕێگایەک بۆ وەلاخستنو دەرهێنانی سەروەتو سامانی کۆمەڵگا لە ژێر دەستی ئەم باندە مافیاییە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشیاییە لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتەوە.

ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەت ئەم جێگا میحوەریەی لە خەباتی خەڵکدا پەیدا کردووە لەبەر ئەوە نییە کە لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆدا ئازادیو یەکسانی خود بە خود مسۆگەر دەبێت، بەڵام لانی کەم خەبات بۆ ئەم ئامانجانە ڕیچکەیەکی دیاریکراوو پێناسە کراو دەگرێتە خۆو خەباتی چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش بۆ ئازادی و یەکسانی لەم پێناوەشدا بۆ گرتنی دەسەڵات ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ سەرکەوتن دەبێت.

دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان دەبێت پیک بیت. ئەمە مەرجی سەرەکی بەدیهێنانی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕیکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی خەڵکدا. ئەگەر گەندەڵی و پاوانکردنی سامانی کۆمەڵگا جیگای نارەزایەتی خەڵکە تا کاتێک ئەم نارەزایەتییە لە داواکاری گۆڕینی ئەم بەرپرسو ئەو کاربەدەست خۆی بەرجەستە دەکات ناتوانێت دەست بۆ کرۆکی کێشەکە بەرێت. لە دیموکراتترین دەسەڵاتیشدا سۆڤرەنتی پێشمەرجی تەدەخولی خەڵکە لە دیاری کردنی دەوڵەتو سیاسەتو ڕاستکردنەوەی چەوتیەکان (تەنانەت بەو مانا سنوردارەش کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا مومکینە). دەوڵەت دەبێت سۆڤرەن بێت تا خەڵک بتوانێت مومارەسەی سۆڤرەنتی واتە سەروەریو دەسەڵات بکات. دەوڵەتیک دەکریت لە لایەن خەڵکەوە بخرێتە بەردەم بەرپرسیاریتی کە لانی کەم بە فۆرماڵیو بە مانا بۆرجوازیەکەشی بێت سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی جەماوەر بێت.

کاتیک پارتیو یەکێتی سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیانو پاوانکردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵگا ڕیککەوتنیانە لەگەڵ ئەمریکاو لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە بەغداو دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە ئەوا ئەم دەسەڵاتە وەکیلی ئەوانەو لە بەرامبەر ئەواندا بەرپرسیارە نەک خەڵک. کاتیک پارەو پوول لە ڕێگای پارتیو یەکیتیەوە ئامدیو دەکریت کێ دەتوانێت بەر بە ئاودیو کردنی بگرێت؟ کاتیک کۆمەڵگا ئۆردوگایەو دەسەڵات حەرەسی ئۆردوگا، زەمانەت چیە کە حەرەسی داهاتوو وەک پارتیو یەکێتی ناکات؟ نارازیەک کە لە بەرامبەر ئەم حەرەسەدا دەوەستێتو داوای بەشی زۆرتری لێ دەکاتو ئەمە سەروبنی خواستەکانێتی کەسیکە کە قبوڵی کردووە ئەندامیکی نیستەجێیی کەمپە بەڵام بەشە ئەرزاقەکەی پێ کەمە. ئەوانەی لە کوردستان لە دژی گەندەڵی وەستاونو ئەمە بە خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە هەلومەرجی ئێستاوە گرێ نادەن دەستبەرداری ئەو مافە سەرەتاییە بوون کە هاوڵاتی بن نەک کەمپنشین.

ڕەخنە لە گەندەڵی دەسەڵاتو بە تەنها لەم لایەنەی دەسەڵات، لە دوو تویی خۆیدا جۆرێک بەڕەسمی ناسینی ئەم دەسەڵاتەی هەڵگرتووە. بیرکردنەوە لەوەی کە دەکرێت هەمان ئەمەی ئێستا حاکمە لە جیگای خۆی بێت بەڵام دەست پاک بێتو دەست بۆ سەروەتی کۆمەڵگا نەبات، خەیاڵپڵاویەکی تیکەڵ بە دڵسافییە. ئەگەر جەماوەر دەمودەست ناتوانن ئەلتەرناتیڤی ئەم دەسەڵاتە سەرپێ بخەن، ئەگەر ڕادەی یەکگرتوییو ڕێکخراوی جەماوەر بەو ئاستە نییە کە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتی ئێستا لە نێو خۆیان شکڵ پێ بدەن، ئەو دەم ئەمە کێشەیەکە کە دەبێت بیر لە چارەسەری بکرێتەوە، خاڵێکی لاوازە دەبێت پڕ بکرێتەوە. ڕێگاچارە ئەوە نییە پێمان وابێت لەبەرامبەر دەسەڵاتیکی ئاساییو ئۆمەتیا وەستاوین بەڵام موشکیلەی گەندەڵی هەیە، لە کوردستان دەسەڵات گەندەڵ نییە، گەندەڵی دەسەڵاتە.

دەوڵەت دروست کردن لە کوردستان تەنها پرۆسەیەکی لێکپچڕانو جیا بوونەوە لە مەرکەز نییە. بەڵکو پرۆسەی خەملاندنی دەوڵەتە. لاوانو جەماوەری کوردستان لە جیاتی داواکردنی سیستەمی دەستوری لە پارتی و یەکێتی دەبێت لە بیری ئەوەدا بن لە هەر کونجو قوژبنیکی ئەم کۆمەڵگایەدا شیوازی دەسەڵاتی بەدیلی خۆیان پێکبهێنن. لە خەبات بۆ هەر خواستێک لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەبێت زەمانەتی وەدیهاتنی خواستەکانیان بەوە بکەن کە میکانیزمی موتابەعەو شوێنکەوتنی جێبەجێ بوونی خواستەکەیان لە فۆرمی جۆریک لە دەسەڵاتدا جێبخەن. دەسەڵاتی جەماوەر لە کوردستان لە شەوو ڕۆژیکدا دانامەزرێت. بەڵکو بە ڕەوتیکی تەدریجیو هەنگاو

به هەنگاو پێکدیتو بەم مانایەش وەلانانی ئەم شێوازە لە دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی لە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی ئەم خەباتەو پەرەگرتنیو گەیشتنی بە جیگایەک کە ئیزدیواجیەتی دەسەڵات پێکبیتو پاشان گرنگ نییە لاچوونی ئەم دەسەڵاتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەویت، یان هاتنەکایەی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەم شیوازە لە حوکمکردنی پارتیو یەکێتی دەنێتە چاڵ.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا پارتیو یەکێتی هەروا سادە دەستبەرداری دەسەڵات دەبن؟ ئایا لە میانەی ئەم ڕەوتە تەدریجیەدا دەسەڵات پەنا بۆ سەرکوتو داپڵوسین نابات؟ ئایا بە پێچەوانەی خواستی خۆمانەوە دەسەڵات شۆڕشی تەنانەت نیەت پرتەقاڵیش سوور هەڵناگێڕیت؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دوو حزبی حاکم لە مێژووی چەند دەیەیی خۆیاندا ئەوەیان زۆر بە ڕوونی نیشانداوە کە لە هیچ شتیک دەستناپاریزن بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام ڕاستیەکی تر ئەوەیە کە ئەمانە ئەمڕۆ بە پشتی سەرکوت نییە کە حاکمن. دەسەڵاتی ئەمان شانی داداوەتە سەر داماوی و بێچارەیی جەماوەر.

جووڵانەوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، لێک هەڵپێکانی ئەم خواستە لەگەڵ جووڵانەوە بۆ خواستە ڕەفاهیو سیاسیەکانی خەڵک کە ئاسۆدارە بە دەسەڵاتخوازیی بۆ جەماوەر ئەگەر بە شکڵی جووڵانەوەیەکی ئامانجدارو ڕیکخراو دەرکەوێت، دەسەڵات بە زەبروزەنگ ئەم هێزەی (کە ڕەوایەتیەکی سیاسی گەورەی پێیە) بۆ سەرکوت ناکریت. بەڵام ناکریت بە نیازی ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتیو سیاسی بیتو هێزی پێویستی بۆ کۆنەکەیتەوە، خەسمی جەماوەر، هێزیک کە خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕووە تەنها ئەحزابی کوردی نییە، پێشتر ئاماژەم بەمە کرد کە ئەم دەسەڵاتە بە وەکالەت هەلومەرجی ئیستا ئیدارە دەکەن، چالەنجی خەڵک چەند لەگەڵ پارتیو یەکێتیو لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشیایی سەرمایەدارانی کوردستانە ئەوەندەش لەگەڵ ئەو هیزانەدایە کە دوژمن بە سەربەخۆییو پێکهینانی دەوڵەتن. هیچ جووڵانەوەیەک ناتوانێت بەڵین بدات کە تەنها یەک شێوازی خەبات پەیڕەو دەکات. هەر بۆیە بەم مانایەش ناتوانێت بەڵین بدات کە تا کۆتایی پرتەقاڵی دەبێت. خاڵی لاوازی فیستیڤاڵی پرتەقاڵیو هێزە پرتەقاڵیەکانی کوردستان هەر ئەمەیە. زیاد لە پێویست پرتەقاڵی بیر دەکەنەوە.

07/03/04

---

* شۆڕشی پرتەقاڵی لە ئۆکرانیا لە 22ی نۆڤەمبەری 2004 بە کۆبوونەوەی حەشاماتێکی گەورە لە لایەنگرانی ڤیکتۆر یۆشیشینکۆ کە ئاڵای پرتەقاڵیان پێ بوو لە **مەیدانی سەربەخۆیی** لە شاری کییڤ دەستی پێ کرد